پەپوولەی شەو وەکوو قەقنەس دەسووتێ
گوڵە فرمێسکە هەر دێ و خۆش ئەکا جێ
چ خۆش دەکرێتەوە قفڵی دڵی من
بە چاوپێکەوتنی کیژانی لادێ

ئەتۆ چاوی دڵ و عەتری سڵاوی
ئەتۆ شاری بزە و هێزی هەناوی
ئەتۆ بارانی عەشق و بۆنی ژوانی
شەڕابی، شەونمی، هێشوی هەتاوی

ئەمن تابووتی سنگ و گۆڕی چاوم
ئەمن بەژنی شەو و داوی پساوم....
ئەمن مەرگی بزە و ئەسرینی دەردم...
هەناسەم، دووکەڵم، شووشەی شکاوم...

دەچم بۆ سەیری چەم هەر تۆ دەبینم
دەچم گوڵ دەستە کەم هەر تۆ دەبینم
لە شاخ و دەشت و بەند و شار و دێ، ڕوو
لە هەر کوێیەک دەکەم، هەر تۆ دەبینم
هەموو دەشت و دەوەن زیندانە بێتۆ
گوڵ و غونچە و چەمەن، بێگیانە بێ تۆ
بە چاوانت قسەم ئەی شاژنی شیعر
خەمی دنیا لە من میوانە بێ تۆ

بە هاوارم وەرە، بیمارم ئەمشەو
لە کێو و دەشت و دەر، بێزارم ئەمشەو
بە قەت ڕووباری خوڕ، سوارە هەناسەم
بە قورسایی تەمەن خەمبارم ئەمشەو

شەوانی شەنبە چەند ناخۆشە شاری
کڕ و بێدەنگ و بێ کڕنۆشە شاری
نە بۆنی گوڵ، نە عەتری شۆڕە لاوێ
لە کۆڕی خەم دەچێ ناخۆشە شاری

گرێپووچکەی خەمم، زووخاوی مەرگم
پلیکانی شەوم، هەنگاوی مەرگم
برووسکەی قین و دەشتی شۆڕەکاتم
هەناسەی گەرمەشینم، داوی مەرگم

بە قووڵایی خەفەت دەردم گرانە
بە قورسایی تەمەن، جەرگم لە ژانە
نیشانەی یەککەمم قوڵپەی هەناسە
هەنیسکم یەک لە دووی یەک سەد نیشانە
خەم و دەرد و خەفەت گرتوویە شانم
پەژارە بۆتە یار و هاوزمانم
دڵی تەنگ و زنەی دیدە و کزەی با
بە جارێ خورپەیان خستۆتە گیانم

بەری ڕووناکی بگری، تەم وەدی دێ
پەژارە و مەینەت و وەرهەم وەدی دێ
برینی ماچ و خەونی کاڵ و ئەسرین
ئەگەر دەست بدەنە دەست یەک خەم وەدی دێ

گوتم ئەی سێوە سوورەی باغی ژینم
وەنەوشە و سوێسنی دەشتی ئەوینم
وەها پێکاومی تیری نیگاهت
شکاوە تازە باڵی هەڵفڕنیم
گوتم دا بێ بە ئامێزم بە تاوێ....
گوتی کوا هاودەمن، پیرێک و لاوێ
گوتم ئاواتی ماچێکت منی کوشت
گوتی ناگەیتێ هەرگیز، بیری ناوێ

گوتی دەردی ئەوینم دڵ تەزێنە
گوتم ئەو دەردە بۆ شیعرم هەوێنە
گوتی تیری موژەم عاشق دەپێکێ
گوتم چەند خۆشە بای ئەو باوەشێنە
ئەتۆ پەرژینی باغ و دەشتی تاسەی
ئەتۆ بۆنی بزە و عەتری هەناسەی
ئەتۆ خەرمانی عەشق و مۆمی یادی
گوڵی بەندی دڵی، کەوباڕی خاسەی

ئەمن خەندەی شەو و گۆڕی خەیاڵم
ئەمن ڕووباری لێڵ و خەونی کاڵم...
ئەمن هەڵدێری ژان و شەونخوونیم...
خەمم، دەردم، پەژارەی دوورەساڵم

شەکەت ماوم لە هەورازی خەمتدا
کەسەر ماوم لە داوی پەرچەمتدا
گوڵم هێندەت لەدوو وێڵم، دەترسم
شەوێک گوم بم لە کووچەی پەرچەمتدا

لە گێژاوی خەمتدا بێ قەرارم
لە داوی پەرچەمتدا، دەردەدارم
ئەگەرچی مەستی ڕووباری نیگاتم
لە پێناوی خەیاڵتدا خومارم

گزنگی پێکەنینت دڵڕفێنە
چڵی ئاوازی یادت خەمڕەوێنە
ئەگەرچی کوشتمی دەردی ئەوینت
بەڵام ئەو دەردە بۆ شیعرم هەوێنە
لەژێر ئەگریجەدا مردن چ خۆشە
پەنا بۆ خاڵ و خەت بردن چ خۆشە
گوشینی زەردە مەم، دەرمانی دەردە
لە باوەشدا مەلێ کردن چ خۆشە

بە خشپەی پێ، ئەمن مەتلێنەوە تۆ
لە سەر تۆقی سەرم مەخولێنەوە تۆ
بە بۆنی سنگ و مەمک و عەتری کەزیە
برینی کۆنی من، مەکولێنەوە تۆ

چەنەم پێخۆشە یار و هاودەمم بی
چەنەم پێخۆشە گوڵخونچەی دەمم بی
بە ڕۆژا حاڵ و ئەحوالم بپرسی
لە تاریکی شەوانەشدا شەمم بی

ئەمن "لۆقا" ئەتۆ عیسای مەریەم
ئەتۆ شەمزینی بێوێنە و ئەمن شەم
بە تاقە ماچێ لەو دوو کولمە سوورەت
خەڵاسم کە لە دەرد و وەرهەم و خەم

درێژەی هەیە...